# فەتوا دەربارەی بەرزکردنەوەی یان بینا کردن

# لەسەر گۆری مردوو

[ بە کوردی ]

حكم البناء على القبور والصلاة عليها

[ باللغة الكوردية ]


فتوای: لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆلینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و رێنمایی
المفتي : اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

وەرگێرانی: دانا ڕەحمان فەرەج
الترجمة: دانا عبدالرحمن فرج

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة: بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# حوکمی بەرزکردنەوەی یان بینا کردن

# لەسەر گۆڕی مردوو

فەتوای ژمارە ( ١٧٠٧٠ )

پرسیار : لەسەر مەزاری هەندێك لەپیاوچاكان لەوڵاتی یەمەن بێشکە( قفص ) ی ئاسنین دروست کراوەو لەڕووی قیبلەوەوەك میحرابی مزگەوت دروست کراوەو خەڵکی دێن نوێژ لەناو ئەو مەزارەدا دەکەن ، ئایا حوکمی ئەو کارەچیە؟

وەڵام : بەرزکردنەوەیان بینا کردن لەسەر گۆڕی هیچ کەسێك دروست نیە، چونکەئەو کارەیەکێکەلەو هۆکارانەی کەسەردەکێشێت بۆ شیرك و هاوەڵ دانان بۆ خودای تاك و باڵادەست ، چونکەپێغەمبەر ( درودی خودای لێ بێت ) نەهی لێ کردوە، هەروەها ڕێگەخۆشکەرەبۆ پاڕانەوەو هاوارکردنەمردوان و بەموبارەك و موقەددەس ڕاگرتنی گۆڕەکان ، دیارەهاوارو پاڕانەوەلەمردوو شیرك و هاوبەشی دانانەبۆ خودای پەروەردگار، هەروەها بەنیسبەت نوێژکردن لەسەر ئەو شوێنانەدروست نیەو لابردنی ئەوشتانەیش کەدروست کراون لەسەر گۆڕەکان واجبە، وەك ئیمامی عەلی دەفەرموێت : " لا تدع قبرا مشرفا الا سویتە "

| بەڕێوەبەر | ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |
|---|---|---|---|---|
| عبدالعزیز بن باز | عبدالعزیز آل الشیخ | عبداللە بن غدیان | صالح الفوزان | بکر أبو زید |

فەتوای ژمارە ( ١٥٩٢٥ )

پرسـیار : مزگەوتێك گۆڕێكی تێدایەلەڕووی پشـتەوەو دیوارێك هەیەلەنێوان قەبرەكەو مزگەوتەكەدا ، ئایا نوێژ لەو مزگەوتەدا دروسـتەیان نا؟ وە ئایا سـوێند خواردن بەغەیری خودا بۆنمونەیەكێك سـوێند بەپێغەمبەر ( درودی خودای لێ بێت ) بخوات دروسـتەیان نا؟

وەڵام : هەر مزگەوتێك گۆڕی تێدابێت دروسـت نیەنوێژی تێدا بكرێت ، چونكەپێغەمبەر ( درودی خودای لێ بێت ) ئاگاداری كردوینەتەوە لەوەی كەلەلای گۆڕەكاندا نوێژ نەكەین و نەیكەینەشـوێنی نوێژ ، ئەمەلەكاتێكدا حوكمەكەی وەهایەكەقەبرەكەلەمزگەوتەكەدا بێت یان مزگەوتەكەلەبەر خاتری ئەو گۆڕەلەوێدا دروسـت كرابێت ، بەڵام ئەگەر هاتوو شـەقامێك یان ڕاڕەوێك لەنێوان مزگەوتەكەو گۆڕەكەدا هەبوو دروسـتەنوێژ لەمزگەوتەكەدا بكرێت .

بەنیسـبەت بەشـی دووەمی پرسـیارەكەیشـەوەدروسـت نیەسـوێند بەغەیری خودا بخورێت ، واتەدروسـت نیەسـوێند بەپێغەمبەر ( درودی خودای لێ بێت ) و غەیری ئەویش بخورێت ، پێغەمبەر ( درودی خودای لێ بێت ) فەرموویەتی : " من حلف بغير الله فقد كفر,رو,رشرك " .

| بەڕێوەبەر | ئەندام | ئەندام | ئەندام |
|---|---|---|---|
| عبدالعزيز بن باز | عبدالعزيز آل الشيخ | صالح الفوزان | بكر أبو زيد |

فەتوای ژمارە ( ١٦٠٩٧ )

پرسـیار : گۆڕی دوو پیاوچاك لەگوندەكەماندا هەیەو خەڵكی گوندەكەدەچن بۆ زیارەتی بەمەبەسـتی تەبەڕوك و دوعاو داواكردنی پێویسـتیەكانیان لەو مردووانە، ئایا حوكمی ئەم كارەچیە؟

وەڵام : دروست نیەسەردانی گۆڕی پیاوچاکان و غەیری ئەوانیش بکرێت بەمەبەستی خۆ نزیك کردنەوەلەخواو تەبەڕوك و پاڕانەوەلەمردوەکان، چونکەئەو کارەیان شیرك و هاوبەش دانانەبۆ خودای تاك و تەنها یان ڕێگەخۆشکەرەبەرەو شیرك و لەدین دەرچون ، چونکەداوای بەرەکەت لەغەیری خودا شیرکەو هەروەها داواکردنی شیفا و هانابردن بۆ مردووەکان شیرکی گەورەیەو ئینسانی لەدین پێ دەچێتەدەر .

بەڵام ئەگەر هاتوو لەخودا پاڕانەوەبەزات و جێگای ئەو مردووانەئەوەبەشیرکی بچوك و بیدعەدادەنرێت و ڕێگەیەکیشەبۆ شیرکی گەورە.

| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام | بەڕێوەبەر |
|---|---|---|---|---|
| بکر أبو زید | صالح الفوزان | عبدالله بن غديان | عبدالعزيز آل الشيخ | عبدالعزيز بن باز |

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين